**سەنتەری گەنجانی سیبا: گرووپێکی بچوک، کاریگەریەکی گەورە**

**لەلایەن: سیڤان سەلیم**



سیبا گوندێکی بچوکی قەزای شەنگالە. لەوەتەی ساڵی ٢٠١٤دا لەلایەن داعشەوە هێرشی کراوەتە سەر، گوندەکە ڕووبەڕووی ئاستەنگی گەورە بووەتەوە. بەڵام دوای ١٠ ساڵ و لە ڕۆژێکی خۆشی مانگی ئادار دا، کۆمەڵێک خۆبەخشی کۆمەڵگەکە بڕیاریاندا ببن بە بەشێک لە چارەسەرەکانی گەڕانەوە و بوژانەوە و هاندانی زیاتری ئاوارەکان تاکوو بگەڕێنەوە گوندەکە.

گروپەکە بەکردنەوەی ناوەندێکی زۆر پێویستی گەنجان لە ئاداری ٢٠٢٤ دا کاریگەری خۆیان دروستکرد. ئەم ناوەندە گرنگییەکی تایبەتی هەبوو بۆ کۆمەڵگەیەک کە بەمدوایانە لە کەمپی ئاوارەکان گەڕاونەتەوە و بووە هۆی گەڕاندنەوەی هیوا دوای ١٠ ساڵ لە ئاوارەبوون.

دەخیل میچۆ ئیلیاس بە شانازییەوە لەسەر مەنەسە وەستابوو، یەکێک لەو خۆبەخشانەی کە دوای پێنج ساڵ ژیان لە کەمپی پارێزگای دهۆک، لە ساڵی ٢٠١٩ بڕیاریدا بۆ گوندەکەی خۆی بگەڕێتەوە. بەڵام بەهۆی قەبارەی وێرانکاری و ساڵانێک لە پشتگوێخستن، گوندەکە جێگەی ژیان نەبوو، ئەمەش ناچاریکرد لە گوندی خانەسۆر لە نزیک گوندەکەی خۆی نیشتەجێ بێت. ئەم ڕووداوە تیشکی خستە سەر پێویستی نۆژەنکردنەوەی گوندەکە و بیرۆکەی دروستبوونی گروپێکی خۆبەخشی لێکەوتەوە کە کارێک بکات بۆ پاڵپشتیکردنی گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان و بنیادنانەوەی ژیانیان. گروپی گەنجانی سیبا لە ساڵی ٢٠٢١ دروستبوو.

دەخیل گوتی:"ئێمە گروپەکەمان بە 12 ئەندامەوە دەستپێکرد: 9 کوڕ و سێ کچ. ئامانجی هاوبەشمان بەشداریکردن بوو لە بوژاندنەوەی زێدی خۆمان، هەریەکەیان ڕۆڵیان هەبوو لە گێڕانەوەی ژیان. بۆ ئاسانکاری پەیوەندیکردن بەیەکەترەوە، گروپێکی واتسئەپمان دروستکرد."

پێویستی ئاوەدانکردنەوەی سیبا نەک تەنیا بۆ دەخیل، بەڵکو هەموو ئەو کەسانەی کە سەردانی گوندەکەیان کردبوو بۆ سەیرکردن و پشکنینی ماڵەکانیان، پێویستییەکی ڕوون بوو، بە جەلیلەشەوە.

جەلیلەی تەمەن 19 ساڵ، باسی ئەوەدەکات کە گەڕانەوەیان بۆ سیبا ڕووبەڕووی چەندان ئالنگاری و زەحمەتی بووەتەوە. "سەرەتا ترسناک بوو. لە هەموو شوێنێک ئێسکی مردووەکان هەبوون؛ ئاوی پاک نەبوو؛ بیرەکان پیس بوون؛ دوکان نەبوو؛ هیچ قوتابخانەیەک نەبوو؛ ماڵی ئێمەش وەک باقی ماڵەکان وێرانبوو". جەلیلە لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت "دەبوو خوشک و برا

بچووکەکانم لەگەڵ خوشکە گەورەکەم لە گوندێکی دیکەدا بژین بۆ ئەوەی بتوانن لە قوتابخانە بخوێنن، براکەشم بۆ ئەوەی بتوانێت پاڵپشتیمان بکات، دەبوو بۆ کارکردن بچێتە ناحیەی سنوونێ."

کاتێک ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) کار و چالاکییەکانی لە ناوچەکەدا دەستپێکرد، خێزانەکان جارێکی دیکە دەستیان بە گەڕانەوە کرد و جەلیلە و هاوتەمەنەکانی گروپێکی خۆبەخشی کۆمەڵایەتییان، هاوشێوەی گروپی دەخیل، دروستکرد.

"ئێمە گروپەکەمان دروستکرد بۆ ئەوەی ببنە پەیوەندی نێوان ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ و دانیشتووان." ناوبراو لەدرێژەی قسەکانی داگوتی "لەڕێگەی ڕاهێنانە سەرەتاییەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ توانیمان یارمەتی تازەهاتووان بدەین. یارمەتیدەر بووین لە تۆمارکردنی ناوەکانیان و پاککردنەوەی داروپەردووی ماڵەکانیان".

کاتێک گروپەکانی دەخیل و جەلیلە لە سیبا کۆبوونەوە، یەکسەر شتێک ڕوون بۆوە: یەکگرتن و تێکەڵکردن، بۆ چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ دەستکەوت و کاریگەری زیاتر. بەڵام کێشەیەک هەبوو: تەنانەت شوێنێکیان نەبوو بۆئەوەی لێی کۆببنەوە و گفتوگۆ لەسەر بیرۆکە و پڕۆژە کۆمەڵایەتییەکانیان بکەن.

دەخیلی دەشڵێت "فرۆشگایەکی کۆنی بازاڕمان کردە ئۆفیس و بنکەیەک بۆ کۆبوونەوەکانیان. لەسەرەتا لەو کاتەدا تەنانەت کورسیمان نەبوو". ناوبراو زیاتر بەردەوامبوو و گوتی "لەڕێگەی کۆکردنەوەی پارەی خۆمان، کورسی و مێزمان کڕی و فرۆشگایەکمان گۆڕی و کردمانە سەنتەرێک."

بە گوتەی دەخیل، یەکەم پڕۆژەی کۆمەڵایەتی کە لەو فەزایە هاوبەشەوە لەدایکبوو، هەڵمەتێک بوو بۆ پاککردنەوەی گوندەکە و لابردنی شوێنەوارەکانی شەڕ، بە گرنگیدان بە "شەقامەکان، ناوەندە تەندروستییەکان و فەرمانگە خزمەتگوزارییەکانی دیکەی کۆمەڵگە".

"کاتێک ئەو کارەمان تەواوکرد، دەستمانکرد بە بەشداریکردن لە کار و چالاکییە خێرخوازییەکان، وەک خۆبەخشی بۆ ناشتنی تەرمی ئەو قوربانیانەی دیکەی داعش کە لە گوندەکانی دیکەی وەک کۆچۆ ماونەتەوە."

لەگەڵ تێپەڕبوونی کات، لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٣دا کارەکانیان سەرنجی تیمی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچی ڕاکێشا، کە لە چەند بۆنەیەکدا یەکتریان بینی بۆ تێگەیشتن لە پێداویستییەکانیان و بۆ گەڕان بەدوای ئەو دەرفەتانەی کە دەشێن بۆ پێشکەشکردنی پاڵپشتی.

گروپەکە جەختی لەسەر گرنگی هەبوونی شوێنێکی گونجاو بۆ بۆنە و ئاهەنگەکان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کردەوە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە دوای ماوەیەکی زۆر لە ئاوارەبوون پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەکە تێکچووە. ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لەگەڵ گروپی گەنجان کاریان کرد بۆ دیاریکردنی شوێنێکی کۆمەڵایەتی کە بتوانێت وەک ناوەندێک بەکاربهێنرێت. تا کۆتایی مانگی کانوونی دووەمی ٢٠٢٣، شوێنەکە بە سەرکەوتوویی نۆژەنکرایەوە بۆ ئەوەی پێداویستییەکانی گروپەکە دابینبکات.

هەروەها تیمی تەکنیکی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ پلانێکی گشتگیری بنیاتنانی توانای دروستکرد بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی بە لێهاتوو ئەو گروپە تەیاربکات و ئامادەیان بکات بۆ چارەسەرکردنی بوارە پێویستەکانی وەک پاراستنی گشتی، ڕەوانەکردنی سەلامەت، گونجاندنی خزمەتگوزاری و لایەنە پەیوەندیدارەکان، تەکنیکەکانی کۆکردنەوەی کۆمەڵگە، چارەسەرکردنی ناکۆکی، پەیوەندی نێوان کۆمەڵگەکان، ئامادەکردنی پێشنیاز، بودجە، ئیدارەدانی زانیاری، و پاراستنی زانیارییەکان.




کردنەوەی سەنتەری لاوان دەستکەوتێکی گرنگ بوو لە بەرەوپێشچوونی گروپەکە لەگەیشتن بە ئامانجەکەیان. لەگەڵ سنووداربوونی سەرچاوە، ئێستا سەنتەرە نوێیەکەیان کتێبخانە و ژووری کۆبوونەوە و کۆمەڵێک ئامێری مۆسیقا و گۆڕەپانی یاری باخچەی ساوایانی هەیە.




دەخیل لە میانی مەراسیمی کردنەوەی سەنتەری گەنجان وتی: " بە شانازی و سوپاسگوزارییەکی زۆرەوە ئەمڕۆ لەبەردەمتان وەستاوم." "گەشتەکەمان لەو کاتەوە دەستیپێکرد کە هەستمانکرد خەڵکەکەمان لە بێهیوایەکی زۆر دایە لە کۆتاییهێنان بە ئاوارەبوون، گەڕانەوە بۆ ماڵ، و بنیادنانەوەی ژیان. لە ڕێگەی خۆتەرخانکردن و ماندووبوونمانەوە، توانیمان دید و خەونەکەمان بکەینە ڕاستی. پاڵپشتی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ زۆر ئاسانکاری لە بەرەوپێشچوونی گەیشتن بە ئامانجەکانمان کردووە."

دەخیل گوتیشی: "بۆ دانانی ئەو ئامانجانەی کە بۆ ئەم ساڵ دیاریمانکردووە، چەند وۆرکشۆپێکی پەروەردەیی پێشکەش دەکەین، یەکێکیان بۆ نەخوێندەواران؛ یەکێکی تر بۆ مۆسیقا هونەر (وێنەکێشان)؛ و ئامانجێکی دیکەشمان دامەزراندنی باخچەی ساوایانە.

دەبێت دەست لەناو دەست پێکەوە کار بکەین بۆ ئەوەی هەموو ئەو شتانە بەدەستبهێنین کە پێویستمانە. بە هەوڵی بەکۆمەڵ و پێکەوەییمان هیچ شتێک ئەستەم نییە."



جەلیلە، لەگەڵ سێ خۆبەخشی دیکە، دەستیکردووە بە فێرکردنی ئەوانەی خوێندەواریان نییە لە سەنتەرەکە و لە باخچەی ساوایانەکە. گوتیشی "شانازی دەکەم کە توانیم یارمەتی خەڵکەکەم بدەم بۆ گەڕانەوە و گێڕانەوەیان بۆ ژیانی ئاسایی. ئەم سەنتەرە ئەو دەرفەتەی پێدام. سیبا زۆر بەرەوپێشچووە بەڵام هێشتا ڕێگایەکی دوورودرێژیشی ماوە."



ئێستا سەنتەرەکە کار و چالاکییەکانی فراوانتر کردووە بۆ پێشکەشکردنی چەند چالاکییەکی کات بەسەربردن وەک کردنەوەی خولی مۆسیقا بۆ گەنجان.

سورەیای تەمەن ١٨ ساڵ، یەکێکە لە بەشداربووانی خولەکە وتی: "ئەمە وەک خەونێکە بۆ من چونکە هەمیشە خولیای گۆرانی وتن و ژەنینی ئامێرێکی وەک گیتار و تەنبورم هەبووە."



کۆمەڵگەی سیبا هێشتا دوورە لە گەیشتن بە ئاستی بێ کەماسی بوون و بە دڵنیاییەوە هێشتا پێویستی و کەموکوڕی هەیە. بەڵام بە هەوڵی گروپە خۆبەخشەکان، لە خۆڵەمێشەوە هەڵستاوەتەوە بۆ ئەوەی وەک چرایەکی هیوا بۆ هەموو ئەو پێکهاتانەی دیکە کە بەهۆی شەڕ و ئاوارەییەوە زیانیان بەرکەوتووە، بدرەوشێتەوە.